# جیاوازیەکانی نێوان ( شورى ) و ( دیموکراسی )

[ kurdish – کوردی – كردي ]

## زاگرۆس هەمەوەندی

## پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# أهم الفروق بين الشورى والديمقراطية

« باللغة الكردية »

زاكروس هموندي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

## جیاوازیەکانی نێوان ( شوری ) و ( دیموکراسی )

بەڕیزان ئەم بەراورد کردن و خستنە ڕووی جیاوازیانە مانای ئەوە نییە بیرۆکەکانی زادەی بیری مرۆڤ بهێنینە ڕیزی شەریعەتی ئیسلامی و س ىستەمە ڕێکوپێك و بێگەردەکەی، بەڵکو مەبەست ئەوەیە جوانیەکانی شەریعەتی ئیسلام بخەینە ڕوو بەسەر ناتەواوی و کەموکورتیەکانی ئەو بیروبۆچونانەی مرۆڤەکان کردویانە بە یاسای حومکڕانی خۆیان لەم سەردەمەدا .

سستەمی دیموکراسی لە ڕاستیدا زیاتر لە سستەمێکی فەوزا و بێ سەروبەرەوە نزیکترە تا لە سستەمێکی تۆکمە و ڕێکوپێك، چونکە وەك دەبینین لە پێش دەست پێکردنی پڕۆسەی دەنگدان مانگێك زیاتر یان کەمتر هەموو لیستەکان سەرگەرمی هات وهاوار و بەڵێنی درۆن بە جەماوەر وتۆمەت بەخشینەوەن بەسەر یەکدا، لەکاتێکدا لە سستەمی ئیسلامی و ئەوەی پێی

دەوترێت ( شوری ) ستونەکانی لەسەر کەسانی شیاو بنیات ناوە کە پێی دەڵێن ( مجلس الحل والعقد ) دوور لە هات و هاوار و درۆ و دەلەسە و بوهتان و بەلێنی ناقۆڵا .... هێندە بەسە وەك پێشەکی بابەتەکەمان ئێستاش بە یارمەتی خوای گەورە دەڕۆینە سەر خاڵ بە خاڵی جیاوازیەکانی نێوان ئەم دوو سستەمە:

**یەکەم:** ( شوری ) یەکێکە لە پایە گرنگەکانی حومکڕانی لە ئیسلامدا کە بە مانای پرس و ڕاوێژکردنی لێپرسراوان دێت بەو کەسانەی کە جێگای ڕاوێژ پێ کردنن، و ڕاوبۆچوونەکانیان شایستەی گوێ لێگرتنن وبەهەند وەرگرتنە بۆ حومکڕانی و دەسەڵات بەرێوەبردن، پاشان لەڕوانگەی گوێ لێگرتنیان بڕیارێك دەربکرێت.

سستەمی ( شوری ) لە ئیسلامدا فەرمانی خوای گەورەیە کە کردوویەتی بە پێغەمبەرەکەی (صلی اللە علیە وسلم) بۆ

ئەوەی پرس و ڕاوێژ بە موسڵمانان بکات، وەك فەرموویەتیی ﴿ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْر ﴾ [ آل عمران : 159 ] واتا : ئەی محمد پرس و ڕاوێژ بە هاوەڵانت بکە، یان فـــەرموویەتی : ﴿ وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُم ﴾ [ الشورى : 38 ] واتـــا : باوەڕداران کـاروبارەکانیان بە پرس و ڕاوێژە لە نێو خۆیاندا .

جا لە کاتێکدا پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمانی پێ کرا بێت بە پرس و ڕاوێژکردن، ئەوا کاربەدەست و لێپرسراوانی تری موسڵمانان دەبێت باشتر و خاستر پرس و ڕاوێژ بکەن بەو کەسانەی کە شیاوی پرس و ڕاوێژن، دیارە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لەبەر ئەوەی هەمیشە وەحی پەروەردگاری لەگەڵدا بووە، و خوای گەورە پاراستویەتی لە هەڵە و کەموکورتیەکان پێویستی بە ڕاوێژی دەوروبەرەکەی نەبووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو سەرچاوەی دووەمی ( تەشریع و یاسادانانە ) لە ئیسلامدا دەبێت ڕاوێژ بە دوروبەرەکەی بکات تاوەکو دڵیان ڕابگرێت و دڵخۆشیان بکات بە کارەکەیان،

کە چۆن پێغەمبەرەکەیان لەگەڵ ئەوەی خوای گەورە هەمیشە ئاگاداریەتی چۆن لە کاروبارەکانیدا پرس و ڕاوێژیان پێ ئەکات و جێگای متمانەی ئەون، ئەمەش وا دەکات هەست بە پلە وپایە و مەکانەتی خۆیان بکەن کە ڕاوبۆچوونەکانیان جێگای گرنگی پێدانی پێغەمبەری خوان (صلی اللە علیە وسلم)، وە بۆ ئەوەیش بیسەلمێنێت بۆ خەلیفە و بەرپرسانی دوای خۆیشی کە دیکاتۆر نەبن لە حکومەتداری و بەرێوەبردنی مەملەکەتەکەیاندا، چونکە بێگومان ژیری و لێکدانەوەی دوو کەس باشترە لە یەك کەس، هەر وەك مەسئەلەیەکی عەرەبیش هەیە دەڵێت « ما خاب من استشار » واتا : ڕەنج بە خاسر نابێت ئەو کەسەی کاروبارەکانی بە پرس و ڕاوێژ بێت .

بەڵام دیموکراسی زادەی بیری مرۆڤەکانە، ئەم وووشەیە ووشەیەکی یۆنانیە لەدوو بڕگە پێکهاتووە : لە ( دیموس ) بە مانای حوکم دێت و لەبرگەی ( قراطس ) کە مانای گەل دێت، واتا حوکمی گەل بۆ گەل، ئەمەش یەکەم جیاوازیە لە نێوان

(شورى) و (دیموكراسی) دا چونكه حوكم له ئیسلامدا تەنها بۆ خوای گەورەیە، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ ذَٰلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴾ [ یوسف : 40 ] واتا : حوكم و فەرمانڕەوایی جگە لە خوا شایستەی كەسی تر نی یە، فەرمانیشی داوە جگە لە خۆی كەسی تر نەپەرستن، هەر ئەوەش ئایین و بەرنامەی پەسەند و ڕاست و دروست و بەنرخ، بەڵام زۆربەی خەڵكی ئەم ڕاستیانە نازانن و لێی بێ ئاگان .

خوای گەورە و پەروەردگار كە خالق و بەدیهێنەری گەردون و زەوی و ئاسمانەكان و هەموو مرۆڤەكانە زانا و كاربەجێیە بە بەندەكانی، دەزانێت چی سستەمێك دەگونجێت لەگەڵ باری ژیان و گوزەران وبەرژەوەندی ڕۆژانەیان، هەر ئەو كە خالقیانە شارەزایە بە پێداویستیەكانیان و دەزانێت چی شتێك بەدرێژایی تەمەن و ڕۆژگاریان گونجاوە لەگەڵیان، هەروەك چۆن كەسێك ئامێرێك دروست دەكات دەزانێت بەچ شێوەیەك

کاری پێ دەکرێت و چی پێویستە بۆ بەردەوام بوون لە ئیش کردن، و هەر ئەویش دەزانێت لەکاتی ڕوودانی هەر گرفتێك ئەو ئامێرە بەچی شتێك گرفتەکەی چارەسەر دەکرێت، ئایا دەگونجێت بڵێین : ئەو ئامێرە شارەزاترە بەخۆی و پێداویستیەکانی زیاتر لەو کەسەی کە دروستی کردووە ؟! ( ولله المثل الاعلى ) بەهەمان شێوە خوای گەورە و پەروەردگاریش زاناتر و شارەزاترە بە بەندەکانی لە بەندەکان بە خۆیان .

ئەحکامەکانی ئیسلام کە خوای گەورە ناردوونیەتیە خوارەوە لەگەڵ هەموو بارودۆخ و جێگایەکدا دەگونجێت و پێویستی بە هەموار کردن و گۆڕین نییە، وەك یاسا دەستکردنەکان کە مرۆڤەکان هەمیشە خەریکی هەموارکردنەوەینی .

**دووەم** : ( شورى ) پرس و ڕاوێژ لە شەریعەتی ئیسلامدا بە کەسانێکی زانا و دانا و شیاو و دەست پاك و خاوەن پسپۆڕی و

لەخوا ترس دەکرێت، کە لە کتێبەکانی سیاسەتی شەرعیدا بە (مجلس الحل والعقد) ناو دەبرێت، ئەم کەسانە دەست نیشان دەکرێن نەك ئەوەی خەڵك هەڵیان بژێرێت و دەنگیان پێ بدرێت، بە پێچەوانەی سیستەمی دیموکراسیەوە کە لەسەر بنەمای دەنگی سەرجەم هاوڵاتیان دادەمەزرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کە کەسانێکی پسپۆڕ و زانا و دانا و خاوەن ئەزمون دەنگیان لەگەڵ کەسێکی نەزان و نەخوێنەوار و تەنانەت شێت و خەڵەفاوەکانیش یەکسان بێت، واتا بنەمای سەرەکی دیموکراسی لەسەر ژمارەی دەنگەکانە نەك پسپۆڕی و شارەزایی و ئەزمون، بەڵام بنەما لە سیستەمی ( شوری ) ی شەریعەتی ئیسلامییدا لەسەر شارەزایی و پسپۆڕی وشیاوی دادەمەزرێت نەك ژمارەی دەنگ، هەر ئەمەشە وا دەکات کە پارت و لایەنە بەشداربووەکانی گەمەی دیموکراسی خەریکی گزی و تەزویر و دەنگ کڕینی خەڵکی بن، بۆیە زۆر جار هەژاری خەڵکی وا دەکات لایەنەکان ئەوەیان لێ بقۆزنەوە و

دەنگەكانیان بە پارە و پوڵ و بەڵێنی پاش هەڵبژاردنەكان بكڕن، ئەمەش یەكێكە لە نەنگی و عەیبەكانی سیستەمی دیموكراسی .

**سێهەم** : لەو ئەنجومەنەی كە بە ( مجلس الحل والعقد ) ناو دەبرێت لە سیستەمی ( شوری ) دا، كەسانی زانا و دانا و پسپۆڕ لەخۆی دەگرێت، پرس وڕاوێژ لەسەر ئەحكامە جێگیرەكانی ئیسلام ناكەن، بەڵكو پرس و ڕاوێژ و
( شوری ) بۆ مەسائیلە ئیجتهادیەكان دەكرێت، ئەو مەسائیلانەی كە خوای گەورە و پێغەمبەرەكەی (صلی الله علیە وسلم) لێ بی دەنگ بوون، یان بە پێی كات و شوێن و جێگا گۆڕانكاریان بەسەردا دێت، بۆ نموونە ڕۆژگارێك نابینیت كە مەسئەلەیەكی وەك مەی خواردنەوە بخەنە بەر باس ولێكۆڵینەوە بۆ ئەوەی ڕێگا بە خواردنەوەی بدەن، یان ڕێگا بە فرۆشتنی لە بازارەكاندا بدەن، چونكە خواردنەوە و فرۆشتنی مەی لە ئەحكامە جێگیر و ( ثابت ) ـەكانی شەریعەتی

ئیسلامیین، بە پێچەوانەی سیستەمی دیموکراسی کە دەکرێت چەند کەسێك پرۆژە یاساییەك پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان بکەن بۆ خستنە دەنگیەوە، جا هیچ ڕێگریەك نییە ئەگەر وەك ووتمان مەسئەلەیەکی وەك مەی خواردنەوە و ڕێگا پێدانی بخرێتە دەنگدانەوە، جا ئەگەر زۆرینەی بەدەستهێنا ئەوا مەی خواردنەوە دەبێت بە شتێکی ئاسایی و ڕێگا بە فرۆشتن و مامەڵە پێوە کردنیشی دەدرێت، بۆ هەموو ئەحکامە جێگیرەکانی تریش هەر بەم شێوەیە، هەر بۆیە دەبینین لە هەندێك وولاتانی ڕۆژئاوادا پەرلەمانەکەیان دەنگیان داوە بە زەواجی پیاو لەگەڵ پیاو یان زەواجی ئافرەت لەگەڵ ئافرەت کە پێچەوانەی هەموو ئاینە ئاسمانیەکان و فیطرەتی پاکی مرۆڤەکانیشە، بەڵام مادام ئارەزوو و شەهوەتی هەندێك کەسی نامۆ لەناو کۆمەڵگەدا ئەوە کارەیان پێ ئاساییە، پەرلەمانیش بە زۆرینەی دەنگ پەسەندی کردووە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر

ئەوەی لە سیستەمی دیموکراسیدا شتێك نییە پێ بوترێت بەها ئەخلاقیەکان و هێڵی سوور و پیرۆزیەکان .

**چوارەم** : لە سیستەمی( شوری ) ی شەریعەتی ئیسلامیدا سیادە و سەروەری بۆ خوای گەورە و حوکمەکانیەتی، واتا هەموو یاسا و ڕێسایەك کە دەربکرێت لە ئەو ئەنجومەنەی کە کار بە ( شوری) دەکات دەبێت پێچەوانەی حوکمە جێگیر و (ثابت) ـەکانی قورئان و سوننەت نەبێت و ملکەچی ئەحکامەکانی ئیسلام بن، بەڵام لە سیستەمی دیموکراسیدا سیادە و سەروەری بۆ گەلە، واتا : گەل بڕیاری هەرچیەکی دا دەبێت هەر ئەوە بێت، ئەمەش خۆی لەخۆیدا جێگای تێبینی و تێرامانە کە دەڵێن سەروەری بۆ گەلە، لەڕاستیدا بۆ گەلیش نییە، بەڵکو بۆ زۆرینەی ئەو چەند کەسەیە کە دەبنە ئەندام پەڕلەمان، ئەویش بۆ هەموویان نا، بەڵکو بۆ زۆرینەیان، چونکە ئەو یاسانەی لە پەڕلەمان دەردەچن ئەگەر زۆرینە دەنگیان

لەسەردا دەبنە یاسا و جێ بەجێ کردنیان پێویست دەبێت لەسەر تەواوی گەل و هاوڵاتیان .

**پێنجەم** : سیستەمی ( شوری ) بە ئایەتی قورئانی پیرۆز جێگیر بووە، پێغەمبەری خوایش ( صلی الله علیە وسلم ) بە فەرموودە و کردەوەی خۆی جەختی لەسەرر کردوەتەوە، بۆیە باوەڕ بوون پێی واجبە و ئینکاری کردنی مرۆڤی پێ بێباوەڕ دەبێت، بەڵام سیستەمی دیموکراسی بیرێکی هاوردە کراوی ڕۆژئاوایە بۆ وولاتانی ئیسلامی بە مەبەستی گەوجاندن و دوورخستنەوەی موسڵمانانە لە شەریعەتی ئیسلام و حوکمەکانی، بۆیە لەسەر موسڵمان واجبە کە دانی پێدا نەنێت و وەصفی نەکات و بە باڵایدا هەڵنەدات، و هەرچۆنی کردووە دوور بکەوێتەوە لێی، و بە کورتی بەهیچ شێوەیەك باوەڕی پێ نەهێنێت و نەیکات بە مەنهەجی کاری خۆی .

لەکۆتاییەوە هێندە دەڵێین ئەوەی ئاماژەمان پێدا گرنگترین ئەو جیاوازیانە بوو لە نێوان ( شوری ) ی سیستەمی ئیسلامی و ( دیموکراسی ) سیستەمی عەلمانیدا، بەکورتی دەبێت بڵێین ( شوری ) کاڵایەکە پڕ بە باڵای ئەو دەسەڵاتەی کە حوکمی ئیسلامی جێ بەجێ دەکات، لە هەمان کاتدا
( دیموکراسی ) یش کاڵایەکە پڕ بە باڵای سیستەمێکی عەلمانی دوراوە، چونکە لای عەلمانیەت شتێك نییە ناوی پیرۆزیەکان بێت، و هێڵی سوور لەسەر هیچ شتێك دانانرێت، دیموکراسیش ئالەتێکە بۆ جێ بەجێ کردنی عەلمانیەت، بۆیە لێرەوە دەڵێم ئەو کەسەی کە دەڵێت ( شوری ) و ( دیموکراسی ) جیاوازیان لە نێواندا نابینرێت، وەك ئەو کەسە وایە کە جیاوازی نەکات لە نێوان ( خالق ) و ( مخلوق ) دا، ئەوەش دەبەنێگیەکی ڕوون و ئاشکرایە .

خوای گەورە ژیری و ڕوشدمان پێ ببەخشێت کە هەمیشە ملکەچ بین بۆ حوکمەکانی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (صلی اللە

علیه وسلم)، و بەدوورمان بگرە لەهەرچی بیری هاوردەی دەستی ڕۆژئاوا و بێباوەڕانە .